کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
31-7-2007 0:17بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئەوەی داناى ئەحمەد مەجيد کردى سوکايەتی بوو بە کورد.. !! هەڵۆ ڕانیەیی

منيش بەو هەموو هات و هاوارەى (معلق) ى وەرزشييە بەدواى گۆڵەكەى عێڕاقەوە هەستم بزوا، بەڵام ئەمە بەو واتايە نييە بێ هيچ فشارێك ئاڵايێك بەرز بكەمەوە كە تا ئێستاشى لەگەڵدا لەسايەيدا كورد دەچەوسێتەوە.. بۆ دەبێت هەر وا بەسانايى بيرمان چێت مشتومڕى عەلى كيمياوى هەڵگرو نەخشەدانەرى ئەو ئاڵايە و لەسێدارەدانى كاسى كردووين كە هەر زيندووە.. !! بۆ دەبێت هێندە بەسانايى بيرمان بچێت هەرچى پێداگيرى سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستانە و بڕيارى فەرمى ئەو سەركردايەتييەى كورد خۆيەتى بۆ كەمێك سارێژ بوونى زام و برينەكانى قوربانيانى سەرجەمى كارەساتەكان لەهەر پنتێكى كوردستان ياساغ كردنى ئاڵايەكە تەعريب و تەبعيس و تەكفيرو زيندە بە چاڵكردنى پێڕەو كردووە.. !!، بەراستى هەستى خەڵكانێكى دەڤەرى سلێمانى دەرخەرى ئەو راستييەن هەنگاو رووە و عێڕاقچێتى بەرنامەى كار بێت و هيوايەك بۆ ئەوان جگە لە چوونە ژێر بارى هەمان سياسەتى بەعسيەكان و بەرەى تەوافوق و.. بێ هەر هەوڵێكى ديكەى ئەوان تەسليم بەئيرادەيان بين.. !! بەڕاستى گەيشتمە ئەو حەقيقەتەى ئەو سەركردەيەى كاك داناى ئەحمەد مەجيدى پارێزگار ئێستاشى لەگەڵدا بێت خۆى بۆ دەدات بە كوشت (لێدوانێكى خودى داناى ئەحمەد مەجيد لەگەڵ يەكێ لە بڵاوكراوە كورديەكان)، لە سايەى ئەو جۆر سياسەت كردنە كە وێدەچێت ئەمە هەنگاوى يەكەمى ئاشكرا بوونى بێت ئامانجەكانى بپێكێت. گەر بڕيار وابێت بەگەڕانەوە بۆ ئەو هەستەى لاى كوردستانيان دروست بووە بەوەى هاوكار و دەستبارى عێڕقيەكانين؟. !!! خۆ دەكرا هەمان هەست بەبەرزكردنەوەى ئاڵاى قازى و هەموو كورد دەربڕێ و پشتيوانێكى برا عەرەبەكانيشمان بين و هەستى ئەوانيش بەلاى خۆماندا ببزوێنين، بەڵام چ سياسەتوان و چ رۆشنبيرانى كورد ئەو راستييە باش هەست پێ دەكەن عەرەب حوشتريشى بۆ لەكۆڵ بنێيت هەر موتڵەگەو حارس ئەلزاريەكانيش هەر ئەوانەن فەتواى ئەنفاليان بۆ كورد وەك باشترين پانادۆڵ بۆ كەمكردنەوەى ئێشى سەريان بەكار دەبرد.. !! بە هەست بەو راستييەهێند دەمێنێبگوترێ دەك دەستت خۆش داناى ئەحمەد مەجيد بۆ خۆت و لێوەشاوەبيت لە چۆنێتى ئيدارەكردن و راهێنانى سلێمانييەكان و بزواندنى هەستى عروبەيى لەلايان.. !!، دڵنيام لەوەى ئەوەى تۆ دەرفەتت بۆ لەبار كرد خەونى لە مێژينەى ئەو سەركردە دۆڕاوو راكردوو لە سياسەتەيە كە بەم كلۆجە نەبا توانايى نەدەبوو بۆ جارێكى ديكە ئەو سەفقە مليۆنانە دۆلارە بۆ بەڕێوەبردنى كۆمپانياكەى بەدەست بهێنێت.. !!!، ديسان دڵنييام ئەو بەتۆ و ئەمسالى وەك تۆ و ساوێلكەيى سلێمانچێتى و دووفاقيتان نەبێت ساتێ ئۆقرە ناگرێ و ئەم بوارەشى وەك سياسەتەكەى مايە پوچ دەمێنێ.. !! تۆ سەير كە خوێنەرى بەڕێز كەركووك بە هەموو ئەو بێ سەرەو بەرى خۆيەوە چەند رۆژ بەر لەوادەى ئەم ياريیە رێنمايى تايبەتى بۆ وڵاتيانى هەبوو، كەچى داناى ئەحمەد مەجيد گەر مەبەستى سەرەكى بەرزكردنەوەى ئەو ئاڵايە نەبووبێت كە كوردى لە ژێر سێبەرەكەيدا قڕ كراوە و هێنانەدى خەونى سەرۆكەكەى نەبێت (بێ گومان بێ هەڵوێستەكردنێكى بەڕێز تاڵەبانى) ئەوا دەشيا بەهەبوونى ئەو ئاراميیەى بەرقەرارە و وەك شوێنەكانى ديكەى كوردستان رێو شوێنى پێويست بگرێتەبەرو خەڵكى لە هەندێ شت وشيار بكرێنەوە و لەهەمان كاتيشدا ئاهەنگ و شايلۆغانيش بگێڕدرێ.. بۆيە دەڵێم منيش شەرم لەخۆم دەكەم داناى ئەحمەد مەجيد چيدى پارێزگار بێت و پێويستە هەڵوێست وەربگيرێت. ئەمە سەرەڕاى ئەوەى ئەوەى دانا كردى پێچەوانەى ياساو بڕيار و هەڵوێستى سەركردايەتى سياسى كوردە و بەرپەرچدانەوەيەكى ناماقوڵانەيەتى لە بەڵێن شكاندن و سوكايەتى كردن بە هەموو ئەوانەى قوربانييان لەپێناوى ئازادى كورد و خاكەكەى داوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.